# دڵدار.. هەڵوێست.. جوانی




دڵدار ئەو مرۆڤەیە لەمردنیشدا هەر بەجوانی مایەوە، کە دەڵێم جوانی واتە جوانی بەها مرۆڤاتیەتییەکان وسۆزو هەڵوێستە بەرز و باڵاکانی ..
دڵدار لەمێژوی ئەدەبی کوردیدا بەپێی پێویست ئاوڕ لە بەرهەمی شیعرو داهێنانەکانی نەدراوەتەوە..
دڵدار خـودان مـارشی نەتەوەیی( ئەی رەقـیب)ە، بەڵام دڵدار تەنهـا بەواتای(ئەی رەقـیب) نا بگرە دەیان دێڕەشیعرو چامەی ناسکی ئەم مرۆڤە دەکرێت چەندین لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت، دڵدار وێڕایی پێشکەوتن خوازی لە هزرو تێروانین و هەستەوەری لەسۆز و تێڕوانیندا..
بۆ بەرز راگرتنی ئەم یادە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرۆژی
٢١و٢٢/١١/٢٠٠٤ لەهۆڵی میدیای پایتەخت ڤیستیڤاڵێکی گەورەو شایستەی بۆ سازدا..
میوانێکی زۆر لەشارەکانی سلێمانی و کۆیە و کەرکوک و دهۆک ، بەغدا و زۆربەی شارەکانی کوردستانەوە ئامادەی ئەم یادکردنەوەیە بون...
لەبەراوێزی ڤیستیڤاڵەکەدا کۆمەڵێک لەو بەرێزانەمان دواند و هەریەک لەو بەرێزانە بەجۆرێک گوزارشتییان لەو مرۆڤە و بەرهەم و شیعریان کرد...

راپۆرت: نامق هەورامی
namqhawramy@yahoo.com

فۆتۆ/ کەمال ئاکرەیی



**لەتیف هەڵمەت/ کەرکوک:**

بەبیرم دێت منداڵ بوم لەکفری گوێم لەسرودی (ئەی رەقیب) ی دڵدار بوو لەوێوە هۆگرو ئالودەی سرودی کوردی بوم، من پێم وایە (ئەمرۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە)ی پیرەمێر هاوشانی ئەی رەقیبی دڵدار دوو سرودی نەمری نەتەوەین هیچ سرودێکی تر هاوشانیان نییە، تاکەسرودە کە مرۆڤی کورد بۆخەبات و قوربانیدان ساز بدات.

یونس دڵدار ئەگەر چی من لەسەرەتاوە بە ( ئەی رەقیب ) ناسیم بەڵام دواتر کە شیعرەکانیم خوێندەوە لەوانەش ( خەندەکەی بابی) منداڵی هیوا) بۆم دەرکەوت ئەو مرۆڤە نوێخوازە و نوێگەری کردوە و من دڵدارلەپاڵ گۆران و شێخ نوری شێخ ساڵح دا دادەنێم و ئەگەر وا بیر نەکەینەوە ئەوا غەدرمان لە دڵدار کردوە، لەچامەی(خەندەکەی بابی) دا لەوپەری نوێگەری ئەو سەردەمەدا کاری کردوە، دڵنیام ئەگەر مردن لێگەڕایە ئەوا دەبوە یەکێک لەکۆڵەکانی شیعری نوێخوازی کوردی.



**رەئوف حەسەن/ سلێمانی:**

هەنێک مرۆڤ هەن لەژیانیاندا جوانن و لە مردنیشدا هەر جوانن، یونس رەئوف دڵدار یەکێکە لەو مرۆڤە جوانانە، نازناوەکەی هێمای جوانییەتی، هەتا ئێستاش بەو جوانیەوە لێی دەڕوانین، لەقەسیدەی(خەندەکەی بابی)دا هەر چەندە ئێمە بە هۆی دۆخی تایبەتی خۆمانەوە گرنگی زۆرمان بە( ئەی رەقیب) داوە بەڵام دڵدار هەر تەنیا ئەم شیعرەی نییە چەندین شیعری دڵداری جوانی هەیە.



ئەو شیعرانەی تەحەدای خورافەو گەردون دەکات، ئەو لایەنە جوان و عەلمانیانەی دڵدار هیچی لەسرودە نەتەوەییەکەی کەمترنییە

**خەدیجە مستەفا: فریشتەی شاعیر/ کۆیە:**

بەو پێیەی دڵدار زۆر هاوڕێی دڵزاری برام بووە زۆر هاتو چۆی

دەکرین ولە کۆڕی شەواندا شیعریان دەخوێندەوە، ئەمە جگە لەوەی پێشڕەوایەتی چەندین خۆ پێشاندانی کردووە، کاتێک کۆماری مەهاباد دامەزرا، لەکۆیە تەنیا ماڵی( سەمەد ئاغای حەوێزی) رادیۆیان هەبوو، کە رادیۆی کۆمار دەکرایەوە بەسرودی ( ئەی رەقیب) دەستی پێ دەکرد، ئێمەش لەخۆشیا دەگریاین



**رەئوف بێگەرد/ سلێمانی:**

بۆ ئەو سەردەمەی دڵدار تیاژیاوە سەردەمێکی سەخت بووە، شیعری نەتەوەیی( ئەی رەقیب) ی یەکەمین کەس کە شیعرێکی مارسیلیزی جیهانی بۆکورد بنوسێت، بەڵای منەوە جگە لەم شیعرەنەتەوەییە دڵدار دەستپێکەری شیعری نوێی کوردییە.

**عەتا قەرەداغی/ سلێمانی:**

بێگومان دڵدار یەکێکە لەو شاعیرانەی لەمێژوی ئەدەبی کوردیدا رۆڵێکی دیاری هەیە لە ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتی (ئەی رەقیب) کە بوەتە سرودی نەتەوەیی کورد، تا کورد بمێنێ ئەو سرودە هەر دەمێنێ، ئەمە بەرهەمی بیر کردنەوەو تێروانین و هەستی نەتەوەیی شاعیرێکی گەورەی وەک دڵدارە، ئەمە لەخۆڕا نەهاتووە، زادەی بیری مرۆڤێکە کە کوردایەتی لەناخیدا بڵێسەی سەندووە، لەو هەڵبەستەدا باسی رابردوی پڕ لەشکست و ئێستای بێدەنگ و ئایندەی بە ئاوات گەشتن دەکات.

**مامۆستا عوسمان هەورامی/ سلێمانی:**

دڵدار ئەو مرۆڤەیە کە بە شیعری( ئەی رەقیب ) زیاتر لە شەست ساڵە منداڵی کورد گۆش دەکات، گەورەترین شانازی و نەمری بۆدڵدار سرودە نەمرەکەیەتی، دەستخۆشی لەوەزارەتی رۆشنبیریش دەکەم بۆئەم هەنگاوە مەزنە.

**رەئوف عوسمان/ سلێمانی:**

دڵدار یەکێکە لەو شاعیرانەی پابەندە بەبیری نەتەوەیی و سۆزی ئەوین و رۆمانسییەتەوە، ئەو بەشیعرەکانی بەرپەرچی دوژمنکارانی کوردی داوەتەوە.

پیرۆزبایی لەم فیستیڤاڵە دەکەم و دەبوایە شتی گەورەتر بۆدڵدار بکرێت و بابەتی بەپێزترلەسەر دڵداربنوسرایەو هیوادارم ئەمە دوا میهرەجانی دڵدار نەبێن و ئەم هەنگاوانە بەردەوام بن بۆتەواوی نوسەر و هونەرمەندە مەزنەکان



**سەباح ئیسماعیل/ کەرکوک:**

بەڵای منەوە دڵدار یەکە شاعیری کوردەکە ئەگەر تەنیا



شیعری (ئەی ڕەقیب)ی هەبێت پێی دەناسرێتەوە، ئەوگیانی تەوژم و بەرەنگاری و مانەوەی بەکورد بەخشیوە، ئەستەمە بگوترێت ئەو شتە جوانانەی لەیاد دەکرێت، ئەو سرودەی دڵدار نمونەی بەرزی مانەوەی گەلی کوردە و لەگەڵ گەلی کوردا تەمەن درێژ دەبێت

**لەتیف بێباک/ کەرکوک:**

دڵداری شاعیر یەکێکە لەو شاعیرە هەرەجوانانەی کورد کە من بە سرودەکەی نا بەدێڕە شیعرێکی زۆر سەرسام کە دەڵێت:

**گەر خودایەکی دی هەبایە لەدنیادا بەرقەرار**
**من دەچوم دەمگوت خودای من سودی ئیسنانی نییە**

**مدرک ژاڵی کۆیە:**

هەگناوێکە جێگای ستایشە بۆوەزارەتی ڕۆشنبیری کە فسیتڤاڵی دڵداری سازداوە،بەڵام لەچەند قەڵەمێک بەولاوە کەسیتر نییە، من هەست دەکەم لەگەرەکێکی کۆیە ئەم یادە دەکرێتەوە دەبوایە دەرفەتێکی زیاتر بەقەڵەمی لاوان و قەڵەمی تازە بدرایە، لەروی میوانداری و سەرف کردنەوە درێغی نەکراوە بەڵام لەناوەرۆکدا من پێم باش بوو دەرفەت بۆخەڵکی تر برەخسێت، ئەم حاڵەتە لەفیستیڤاڵی (حاجی قادری کۆی) دا لەکۆیە رویدا بەهەرحاڵ ئەگەر تەمەن مەودای دابوایە دڵنیابوم لەوەی لەریزی گۆراندا بوو، دڵدار جگە لەشیعر لەبواری چرۆک و وەرگێراندا کە ئەدەبی تازەی عەرەبیدا شتی جوانی وەرگێڕاوە. دوبارە دەستخۆشی لەو هەنگاوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکەم.



**هەردەوێڵ کاکەیی/ کەرکوک:**

ئەم هەنگاوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان جێگای رێزە کە ئەمرۆ یادی ئەم نووسەرەی کورد دەکاتەوە خۆی لەخۆیدا کۆبونەوەی نوسەران لەم هۆڵەدا کە لەشارەکانی سلێمانی و دهۆک و کەرکوک و بەغداوە هاتون، ئەم یەکتر ناسینە مایەی دڵخۆشیە، خوازیارم وەزارەتی ڕۆشنبیری لەم هەنگاوانەدا بەردەوام بێت و خزمەتی زیاتری ئەو مرۆڤانە بکات ویادیان بکاتەوە کەلە رابردوودا چرایەکی گەشی ڕۆشنبیری کوردی بون.

**محەمەد خدرمەولود/ هەولێر:**

دەستخۆشی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکەم لەسازکردنی فیستیڤاڵی دڵداری شاعیر کە بیرهێنانەوەی شاعیرێکی نەتەوەیی مەزنە، ئەمە خۆی لەخۆیدا خوێندنەوەیەکی زانستی و سەردەمیانەیە بۆبەرهەمی ئەو شاعیرە و ئاشنا کردنی نەوەی نوێ بەنوسینەکانی ئەو شاعیرەمان کەلە ژیاندا کەم بەڵام لەبەر هەمدا ناوەرۆکێکی گەورەی پێشکەش کرد.

**کاروان عەبدوڵڵا/ هەولێر:**

فیستیڤاڵێکی وا بۆ شارعیرێکی گەورەی وەک دڵدارکارێکی مەزنەو دەستخۆشی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی رۆشنبیری دەکەم

دڵدار بەشیعری (ئەی رەقیب) توانیوویەتی یەک دەنگییەک لەنێو کوردا دروست بکات واتە هەموو کورد بەجیاوازی بۆچونەوەسرودی ناسیونالستی (ئەی رەقیب) دەڵێنەوە ئەمەش مانای نەمری کورد و دۆزەرەواکەی و دڵداری شاعیریشە، لەقۆناغێکدا دڵدار(ئەی رەقیب)ی گوتوە کە قۆناغی نا ئومێدی بووە، ئەمرۆ لەقۆناغێکدا یادی دەکەینەوە بەدەم ئەم سرودەوە ئاڵای کوردستان بەرز دەکرێتەوە و رەشەکێتەوە

**ئازاد دارتاش/ئاکرێ:**

فیستیڤاڵا هەلبەستڤان دڵدار کو وەزارەتی رۆشنبیری سازدەکات بەراستی ل جهێ خوەدایە چونکە دلدار نەبەس هەلبەستڤان بو بەلکو دکارم بێژم خودان پروژەکی نەتەوەیی پشکەفتن خواز بوو هەولا هندێ دا کو جارەکادی هەستا نەتەوەیی دیکە مروڤا کورد ڤەژینتەڤە هەولا هەندێ بداتن ئاسوین هزر کردنێ دەڤ مروڤێ کورد بەرەڤ ئاسوین نەتەوەیی ببەتن



بکورتی دشێم بێژم ئەم ڤیستیڤالە پتر بۆهندییە کو جارەکا دی کورد ناسناما خۆیا نەتەوەیی بزڤریتەڤە.

**موحسین قوچان/ دهۆک:**

ئەم فیستیڤا، لەرێزگرتنە ل هۆزانڤان و ئەدیبێ ولات پارێز، دلدار هەرچەندە ژیانەکا کورت بوو وە بەرهەمەکی زۆر نەبوو لێ دوی سەردەمیدا بلند ترین و مەزنترین دیاریا دایە ملەتێ کورد کوسرودا (ئەی رەقیب) کە مارشا نیشتمانی میللەتا کوردە هەرچەندە ژێ وی کورت بو لێ هەر دمینیتن ب سومبولا نیشتیمانیەتێ ژلایێ هەمی کوردەکی ل باکور و باشور و رۆژ هەلات و رۆژئاڤا. ■

